# جوانیناسی ( هیگڵ، کـ

**فەرزین**

سروشت یەکەم سووژە بوو بۆ دۆزینەوەی جوانی.مرۆڤ لەنێو سروشتدا فێر بوو جوانی چیە و ناجوانی چیە. هەروا کە هیچ کەس لە هیچ کەس ناچێت، روانین و بیر و بۆچوونی هەر کەسێکیش لەوی دی جیاوازە.

گوڵ جوانە، ئەمە واتایەکی گشتیە، واتە هەرچی کە گوڵە کەسێک نیە بە گوڵ بڵێ جوان نیە. ئەمە چەمکێکی گشتیە و بۆ هەموان یەک شتە.جیاوازی لێرەدایە، کام گوڵ جوانە؟ سەلیقە و حەزەکان لێرەدا جیا دەبنەوە. بیر و هەستی تاکە، کە راڤە دەکات. رەنگە کەسێک رەنگ و بۆنی گوڵێکی پێ جوان بێت، ئەوی دی نا. مرۆڤ بە هەستەکانی خۆیەوە، یان بگرە لە رووی پێویستیەکی گرنگەوە شتێکی لا جوانە.

عارفەکان «نیاز» بە سەرچاوەی جوانی دادەنێن. (نیاز زەروورەتی شتێکە کە تۆ نیتە). هەر شتێک کە نیازت پێ پەیدا کرد، ئەوە جوانە، کە نیازت پێی نەبوو، پێویستیت پێی نیە و جوان نیە . ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە فەیلەسووفەکان «هەست، رۆح»بە سەرچاوەی جوانی لە قەلەم دەدەن. کانت پێی وایە هەستە کە وادەکات تۆ شتێکت لا جوان بێت یان نا. مەرج ئەوەیە کە تۆ لەو کاتەدا بە چ هەستێکەوە (خـــۆش، نـاخـۆش)لـە شتێک دەروانـــی. گەر هەستێکی خۆشت هەبوو، ئەوە شتەکەت لا جـوانـە، دەنـا جوان نیە. کانت سەبارەت بەمە دەڵـێ: «گەر بمانەوێت بزانین شتێک جوانە یان نا، وێنا کردنەوەی نابێت بچێتەوە سەر بابەتەکەی و بە هزر و عەقڵەوە پێناسەی بکەین». لە رووی ئەم وتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وێناکردنی شتێکی جوان بە ئامراز و کەرەسەی خەیاڵ دەگەرێتەوە بۆ ئوبژە (زەین) و هەستێکی خۆش یان ناخۆش.

بۆ نموونە: گوڵ جوانە، ئەمە قەزاوەتێکی ئۆبژکتیڤە (عەینی)، بەڵام گشتی. ئەم گوڵە بۆنی خۆشە، قەزاوەتێکی سوبژکتیڤە، بەڵام شەخسی و تاکەکەسی. قەزاوەتی یەکەم، زەوقیە و قەزاوەتی دووهەم ئێحساسی. هەر بۆیە دەڵێ: «مرۆڤ لە رووی خووەوە هەڵسوکەوت دەکات، بەرانبەر بە شتێکی جوان قەزاوەتی نیە.»

لە جێگەیەکی تردا، کانت بۆ دەرک کردنی جوانی رۆح بە کانگایەکی گەورەتر و پیرۆزتر دادەنێ و دەڵێ: «بۆ دەرک کردنی جوانی، پێویستمان بە رۆحێکی گەورە هەیە».

رۆحـەکـە دەبێتە هـۆی دروســت کردنی هەستەکان، چەندە بایەخ بە رۆح بدەی و چەندە کاری لەگەڵدا بکەی ئەوەندەش روانگەت سەبارەت بە شتەکان دەگۆردرێت.

ئەفلاتوون هەموو شتێ بەتایبەت جوانی لە دنیای (مۆسۆل)دا دەبینێتەوە: «هەر شتێک سەرچاوەی نەگەرێتەوە بۆ مۆسۆل، ئەوە بوونی نیە».

هەر شتێک کە بوونی هەیە، حەقیقەتەکەی لە دنیای مۆسۆل دایە. شتەکانی ئەم دنیایە تەنیا سێبەرێکن لەو شتە حەقیقیانە.

بە وتەی شۆپەن هاوێر، چەمکەکان تەنیا پەیوەندیی (عیللەت و مەعلوول)ە، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوە و کاریگەرێتی شتەکان بکات.

کە شتێک جوانە، بیر لەوە ناکرێتەوە بۆ جوانە. یان سەرچاوەی ئەم جوانیە لە کوێوە هاتووە؟ تەنیا هەست و دادوەرییەکی تاکەکەسیە. دیارە هەموو شتێک سەرچاوەی لە مرۆڤدایە. مرۆڤە کە شتەکان دەدۆزێتەوە، ناویان لێ دەنێ و مانایان پێ دەبەخشێ. ئەوەش لەبیر نەکەین کە دنیای هەرکەس هێندەی دەڤەری فیکر و هزری خۆیەتی.

زۆر لە فەیلەسووفەکان رایان وایە گەر مرۆڤ نەبێت هیچ شتێک نیە. شوپێنهاوێر دەڵێ: «ئەگەر من وەک ئوبژە بوونم نەبێت، ئیدی شتێک وەک (مەعلوول) واتە سوبژە بوونی نیە».

مرۆڤ مەرجە بۆ مەنهەج و سەرچاوە، چی دەبینێ و چۆن دەیبینێ. ئەمەش بابەتێکی گرنگە. چی دیتن و چۆن دیتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. بە دڵنیاییەوە لای مرۆڤێکی سادە و لای هونەرمەندێک یان بیرمەندێک ئەمانە جیاوازن. هەر ئەم دوو چەمکە بوو بە هۆی پەیدابوونی هونەر. جوانی وەک هونەرێکی ئەزەلی بابەتێکی هەتاهەتایی رۆلی خۆی دەگێرێت، هونەریش هەتا هەتایە لەگەڵ جوانیدا دەژی. هونەری شێوەکاری، میعماری، مۆسیقا، ئەدەبیات، پەیکەرسازی، سینەما و... هەموو دەچنە خانەی هونەر و بابەتگەلێکن بۆ جوانیناسی.

بیرمەندان جوانی دەخەنە پێش هونەرەوە، (جوانی لە هونەردا یان جوانیناسیی هونەر). ئەمە زۆریش راستە و بەو هۆکارانەی لە پێشەوە باسمان کرد، جوانی بوو بە هونەر.

هونەر هەستێکی بێواسیتە و راستەوخۆی مرۆڤە. هونەر راستەوخۆ لە رۆح و دەروونی تاکەوە بەرهەم دێت. هونەر خودی ئەو حەقیقەتانەیە کە ئاشکرا دەبێت و دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە.

هەر مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت خاوەنی وەها هەستێکە. پەروەردەکردن و راهێنانی ئەو هەستانە وەزیفەی هەر تاکێکە. ئەوەی هەستی کردووە، تێدەکۆشێ رایهێنێ، بەڵام بەهۆی گیروگرفتی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و... ئەمرۆ لە زۆر جێگەدا بنەمای هونەری، ئاڵوگۆری بەسەردا دێت و لە جێگەی شیاوی خۆیاندا نامێنن. بۆ نموونە کەسێک حەزی لە مۆسیقایە، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانێ ئامرازەکەی بکرێت و بچێتە وانەکان، دەبێت بە شاعیر. ئەحمەد شاملوو دەڵێت: «شیعر ئارەزووی سەرکوتکراوی مۆسیقایە لە مندا». بەهەر حاڵ ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە و ناچێتە ناو باسەکەی ئێمە.

هیگڵ دەڵـێ: «ئەرکی راستەقینەی هونەر، گواستنەوەی گەورەترین ئارەزووەکانی رۆحە بۆ ئاگایی».

مرۆڤ بەپێی نیازی رۆحی بە ئازادی، توانی ئەو شتانەی (سوبژە)ن، دەروونییان بکاتەوە و بە هزر و خەیالی خۆی سەرلەنوێ دایرێژێت. ئەمە کۆپی کردن لە سروشت نیە. ئافراندنی خەیاڵە و هێز و توانای تاکەکەسە. بێواسیتە و سەربەخۆیە. مرۆڤ قەناعەتی بەو شتانەی کە بوونیان هەر بەوجۆرە کە هەیە، نیە. ئەو پێی خۆشە شتەکان ئەوجۆرەی کە خۆی پێی خۆشە وابێت. ئافراندنی هونەر لێرەدایە. هونەر چون بەرهەمی خودی خەیاڵ و رۆحە، لەزەت و بەرهەمێکی ئەزەلیە.

هیگڵ تایبەتمەندیی بەرهەمی هونەری لەم سێ خاڵەدا دەبینێتەوە:

١_بەرهەمی هونەری، بەرهەمی سروشت نیە، بەڵکوو دەستکەوتی ئەکتیڤی مرۆڤە.

٢_بەرهەمی هونەری، تەنیا بۆ مرۆڤ هاتووە و هەروەها بۆ لەزەت و هەستەکانی مرۆڤە.

٣_بەرهەمی هونەری، لەخۆیدا بێکۆتاییە.

لای هیگل دیاردەکانی هونەر ئارکی تایپێکی تایبەت نین. بەلکوو بـەرانـبـەر واقیعی ئاسایی، ئۆبژەیەکی زیاتر و فراوانتر لەخۆ دەگرێ. ئارکی تایپ لە هونەردا، خودی حەقیقەتە. چون راڤە کردنی خۆیەتی و توخمێک وەک رۆح بەسەریدا زاڵە.

راستە کە بەرهەمی هونەری دەبێ هەست بورووژێنی، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نیە. بەڵکوو دەبێت ئەو هەستانە بورووژێنێ کە بەرهەمی جوانین. هەر ئەمە دەبێتە هۆی جیاوازی لەگەڵ: وتەبێژی، مێژوونووسی، ریکلامی ئایین، سیاسەت و... .

هونەر دەسکەوتی کەسانێکە کە تایبەتە بە جوانی. هەر ئەم هەستە تایبەتە کەسەکان لە یەکدی جیاواز دەکاتەوە. بۆنموونە، سیاسەتمەدارێک قەت ناتوانێ ببێ بە شێوەکارێک، یان پەیکەرساز. تەنیا شتێک کە مرۆڤ هەتا ئەبەد دەبێ وەک بەردەکەی سیزیف رایکێشێ، دەردە. مرۆڤی هونەرمەند بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دەردێکی فراوانترە، تێدەکۆشێ دەردەکانی بە راشکاوی بخاتە روو، وێنەیەک، گۆرانیەک، پارچە مۆسیقایەک، شیعرێک... . ئەمە بۆچوون و تێروانینی هیگڵ بوو کە بە کورتی باسمان کرد. با بزانین کانت و شوپێنهاوێر چۆن دەروانـنە جوانی.

لای کانت بەرهەمی هونەری جۆرێکیترە. دەلراستە کە بەرهەمی هونەری دەبێ هەست بورووژێنی، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نیە. بەڵکوو دەبێت ئەو هەستانە بورووژێنێ کە بەرهەمی جوانین.: «بابەتی هونەری پرەنسیبێکە کە لەگەڵ توخمە تایبەتەکاندا هاوسەنگ دەبن».

بـەرهـەمـی هـونـەری وەک ئۆرگانیزمی بوونەوەرێک رەچاو دەکرێ کە هاوکاریی تەواویان لەگەڵ یەک بێت. رۆح یەک لەو توخمانەیە کە زاڵە بەسەر ئیرادە و ئاگایی مرۆڤدا. هونەر لە نەستی مرۆڤەوە هەڵدەقولێ، واتە جەوهەری هونەرەکە لە ناخودئاگای هونەرمەندایە. ئەوەش دەگەرێتەوە سەر ئەو هەستانەی کە لە رۆحدا تایبەتن بە دەرکی جوانی.

کانت، جەخت دەکاتە سەر قەزاوەتی جوانیناسی. ئەو بۆ ناساندنی چەمکی جوانی لە چوار وتەزا کەڵک وەردەگرێ: چۆنێتی، چەندێتی، رێژەیی، گۆشە.

«زەوق توانایی هەڵسەنگاندنی بابەتە یان چۆنێتی وێنایەکە، بە ئامرازی شادی یان بێزاری. بێ ئەوەی کە چاوەرێی سوود و قازانجی بێت». واتە جوانی بە دوو هەست لێکدەدرێتەوە، هەستی خۆشی، هەستی بێزاری.

شتێک جوانە کە بە هەستێکی خۆشەوە وێنای بکەیتەوە. بێئەوەی کە سوودێکی لێ وەربگری. تەنیا لەزەتێکە خۆش. ئەو شتەی دەبێتە هۆی بێزار بوون، جوان نیە. نەک تەنیا زەوقت بۆی ناچێ، بێزاریشت دەکات. ئەمە دەگەرێتەوە سەر چۆن دیتن و چی دیتن. بۆ نموونە، لە پێشانگایەکی شێوەکاریدا، بینەر لە دیتنی تابلۆکان بۆی دەردەکەوێت کە کێها لەو تابلۆیانە لە کاتێکی خۆشیدا کێشراوە. دەروونناسیی رەنگەکان، هێڵەکان، نەرمی و زبری، بابەتەکان و... کەرەسەیەکن بۆ ناساندنی دەروونـی شێوەکار.

کانت شتێکی پێ جوانە، کە تەنیا بە خەیاڵ لێکی دەینەوە، نەک بە عەقڵ و هزر. ئەو شتە جوانەش نابێ بگەرێتەوە سەر شیکردنەوەی و پرسیار بکەین بۆ جوانە، چۆنە کە جوانە؟ تەنیا دەبێ بە دوو هەستەوە هەڵیسەنگێنی کە جوانە یان نا.هەستی خۆشی، هەستی بێزاری. ئەم قەزاوەتە پەیوەندیی هەیە بە ئەو کەسەی کە دەیبینێ. ئەو قەزاوەتە بەهۆی ئەوەی کە قەزاوەتێکی زەوقیە، دروست و لۆژیکی نیە، بەڵکوو تەنیا هەستێکە و تەواو. ئەو هەستە خۆشە کە قەزاوەت دەکاتە سەر بابەتێک، زەوق و سەلیقەیەکە، کە هۆگری هیچ شتێک نیە. کاتێک قسە لەسەر بابەتێکی جوان دەکرێ، بە بنەما و چۆنێتی و چیەتی کارێکمان نیە. بۆ نموونە ئەگەر پرسیار بکەین ئایا ئەم تەلارە یا ئەم کۆشکە جوانە یان نا؟ رەنگە کەسێک بلێ، من خۆشم لە شتی بۆرژوایی نایەت. یان کەسێکیتر بلێت، ئەم کۆشکە خوێنی هــەزاران نەفەری چەوساوەیە. هەر یەک لەم وەڵامانە وەڵامی پرسیارەکە نیە و قەزاوەتێکی دروست نیە.

بە لای کانتەوە قەزاوەتی زەوقی تەنیا بینەرە.

> راستە کە بەرهەمی هونەری دەبێ هەست بورووژێنێ، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نیە. بەڵکوو دەبێت ئەو هەستانە بورووژێنێ کە بەرهەمی جوانین



هیگڵ

رۆژنامە یەکێ
6
ژمـــارە (10)
یەکشەممە 2007/12/9